٠١/٤٢ - الكردية - كوردی

# پوختەی

## ئەو مافانەی کە فیترەت داوای کردووە و شەریعەتیش بڕیاری لە سەر داوە .

بەزمانی کوردی

(نوسینی : شێخ ئیبن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێبێت)

شەیخ د. هەیسەم سەرحان کورتی کردووەتەوە

ماموٚستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە پێشاندا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە

بۆ وەرگێڕانی پروشە (مەتویە) : sunnah.com - باڕکۆدەکە سکان بکە

مافی چاپکردن ڕێگەپێدراوە

## ١ـ مافی خوای گەورە :

بەتەنها و بێ هاوتا و شەریك بیپەرستیت، وە ببیتە بەندەیەكی زەلیلی خۆ بەكەم زانی ملكەچ بۆی ، جێبەجێكاری فەرمانەكانی بیت، خۆت لە نەهیەكانی دووركەیتەوە، وە باوەڕ بە هەواڵەكانی بكەیت، بیروباوەڕێكی نمونەیی، وە ئیمان بە حەق و كاری چاكەی بە بەرهەم، بیروباوەڕێك كە بنچینەكانی : خۆشەویستی و بەمەزن دانان بێت، وە بەرهەمەكەی : دڵسۆزی و هەوڵدان بێت.

## ٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

شكۆمەندكردن و ڕێزگرتن و بە مەزن دانانی؛ مەزن دانانێكی لایەق و شایستە بێت بەخۆی، بەبێ زیادەڕەوی و كەمتەرخەمی.
وە باوەڕكردن بە هەموو ئەوانەی باسی كردووە لە كارەكانی ڕابردوو و داهاتوو، وە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی و خۆدورخستنەوە لەوانەی نەهی لێكردووە و رێگری لێكردووە ، وە باوەڕهێنان بەوەی رێبازەكەی و ڕێگاكەی ئەو تەواوترین رێبازە ، وە بەرگریكردن لە شەریعەت و ڕێگا و رێبازەكەی.

## ٣ـ مافی دایك و باوك :

چاكەیان لە گەڵدا بكەیت و مافیان بدەیت، ئەوەش بە چاكەكردن لەگەڵیان بە قسە و كردەوە چ بە ماڵ بێت یان بە جەستە، وە فەرمانەكانیان جێبەجێ بكەی لەوەی سەرپێچی كردنی خودای تێدا نەبێت ، وە لە جگە لەوانەی زیانی بۆ خۆت هەیە.

## ٤.مافی منداڵان :

-1 پەروەردە ؛ ئەویش پەرەپێدانی دین و ڕەوشتە لە ناخیاندا تاکو پشکێکی زۆریان لەوبارەوە دەست بکەوێت.
-2 پارەیان بۆ خەرج بکات بەچاکە ، بەبێ زیادەڕۆیی کردن و بێ کەمتەرخەمی.
-3 کەسیان پێش نەخات بەسەر ئەوانیتردا لە دیاری و بەخششدا.

## ٥.مافی خزمە نزیکەکان :

سەردانی نزیکەکانی بکات بە چاکە ؛ بە بەخشینی ئەوەی لە توانایدایە و بە سوودی جەستەیی، وە سوودی سەروەت و سامان بۆیان هەبێت بەپێی نزیکی خزمایەتی و پێویستی کەسەکە ببێت.

## ٦. مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە :

هەریەکەیان بەچاکە لەگەڵ ئەویتردا مامەڵە بکات و ئەو مافەی لەسەریەتی جێبەجێ بکات بەوپەڕی و لێبوردەیی و ئاسانی بەبێ پێناخۆش بوون لەکردنیدا و بێ دواخستن .
لەمافەکانی ژن بەسەر مێردەکەیەوە: ئەرکی بژێوی دابین بکات لە خواردن و خواردنەوە و جل و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئەوانەی پەیوەستن بەوانەوە، و دادپەروەری کردن لەنێوان هاوسەرەکانیدا.
لەمافەکانی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیەوە : گوێڕایەڵی بکات لە جگە لە سەرپێچی خوا، وە نهێنی و ماڵەکەی بپارێزێت، وە کارێك نەکات تەواوی خۆشیەکانی لێ تێك بدات.

## ٧. مافی کاربەدەستان و خەڵکی :

مافی خەڵکی بەسەر کاربەدەستانەوە : هەستن بەجێبەجێکردنی ئەو ئەمانەتەی خودا لەسەر شانی داناون و ئیلزامی کردوون بەئەنجامدانی هەر له ئامۆژگاریکردنی خەڵکی و ڕێبەری کردنیان لەسەر ڕێگای ڕاست کە بەسە بۆبەرژەوەندییەکانی دونیا و دوارۆژ، ئەوەش بەشوێنکەوتنی ڕێگای باوەڕداران.

مافی کاربەدەستان بەسەر خەڵکییەوە : ئامۆژگاری کردنیان لەوانەی کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت لە کارەکانیان، وە بیریان بهێنێتەوە ئەگەر بیریان چوو، وە دوعاکردن بۆیان ئەگەر لەسەر حەق لایان دا، وە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان لەجگە لە سەرپێچی خوادا و یارمەتی دانیان.

## ٨. مافی دەرهاوسێ :

دەرهاوسێ : ئەو کەسەیە کە ماڵەکەی لێتەوە نزیکە ، چاکەکار دەبێ لە گەڵیدا بەپێی توانا بە ماڵ و کەسایەتی و سوود پێگەیاندن ، وە ئازاری وتن و کرداری لێ دوور دەخاتەوە.

١- ئەگەر لە نەسەب و خزمایەتیدا لێتەوە نزیك بوو و موسڵمان بوو ، ئەوا سێ مافی لەسەرتە : مافی دراوسێیەتی، وە مافی خزمایەتی ، وە مافی ئیسلام.

٢- ئەگەر موسڵمان بوو بەڵام نزیکت نەبوو لە خزمایەتی و نەسەبدا ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی ئیسلام.

٣- هەروەها ئەگەر خزم بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی خزمایەتی.

٤- ئەگەر لەنەسەبدا دوور بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا یەك مافی لەسە رتە : مافی دراوسێیەتی.

## ٩. مافی موسڵمانان بەگشتی :

لەو مافانە سەلام کردنە، وە ئەگەر بانگێشتی کردی بەدەمیەوە بچۆ و وەڵامی بدەرەوە ، وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردی ئامۆژگاری بکە، وئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد تۆیش وەڵامی بدەرەوە (بڵێ : یرحمك الله) ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە، وە ئەگەر مرد شوێنی تەرمەکەی بکەوە، و خراپەی لێ دوور بکەوە.

مافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان زۆرن، وە دەکرێت مانای کۆکەرەوەی فەرمودەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بێت کە دەفەرموێت: (موسڵمان برای موسڵمانە) جا هەر کاتێك هەستا بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم برایەتیە هەوڵ دەدات هەموو خەیرێکی بۆ فەراهەم بکات و خۆی دوور بخاتەوە لەهەموو ئەوەی زیانی بۆ براکەی هەیە.

## ١٠. مافی ناموسڵمانان :

پێویستە لەسەر دەسەڵاتداری موسڵمانان بە حوکمی ئیسلام فەرمانڕەواییان بکات لە نەفس و ماڵ و شەرەفیاندا، وە حەددەکانیان لەسەر جێبەجێ بکات لەو کارانەی کە بڕوایان هەیە بەحەرامبوونی، وە پێویستە لەسەری پارێزگاریان لێبکات و خراپەیان لێ دوور بکاتەوە.

وە پێویستە لەجل پۆشیندا لەموسڵمانان جیاواز بن، وە شتێك دەرنەخەن کە لە ئیسلامدا مونکەر بێت (ڕێگەپێدراو نەبێت) ، یان شتێك لە شەعیرەکانی ئاینەکەیان؛ وەکو ناقوس و خاچ.

## *ناوەڕۆک


١ـ مافی خوای گەورە :........................................................................... ١
٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ........................................................ ١
٣-مافی دایك و باوك.......................................................................... ١
٤-مافی منداڵان.................................................................................. ٢
٥-مافی خزمە نزیکەکان...................................................................... ٢
٦-مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە ........................................................ ٢
٧-مافی کاربەدەستان و خەڵکی ........................................................ ٣
٨-مافی دەرهاوسێ................................................................................ ٣
٩-مافی موسڵمانان بەگشتی................................................................. ٤
١٠-مافی ناموسڵمانان............................................................................ ٤



پەیمانگای سوننە
mahadsunnah.com

ماڵپەڕی شەیخ
alsarhaan.com

٠٥٠٤٢٥٠٣٣٧ mahadsunnah